وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی
زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر.
کۆلێژی ئاداب.
بەشی کۆمەڵناسی

# ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

مامۆستای بابەت؛
ڕێباز عزیز محمدامین

2024-2023

# گرێبەستی فێربوون

1. دەبێ قوتابی بەر لە مامۆستا لە پۆل ئامادە بێت.
2. دەبێ قوتابی پابەندی پاراستنی هێمنی پۆل بێت.
3. بابەتی ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری، وەک بابەتی کۆمەڵناسیی ڕاگەیاندن (100) نمرەی لەسەرە.
4. لەم کۆرسە، یەک تاقیکردنەوە لەسەر (30)، نمرە بەئەنجام دەگەیەنین، (10) نمرەکەی تر؛ (5) ی لەسەر چالاکی ڕۆژانە و، (5)نمرەکەی تریش لەسەر ئامادەبوون (غیابات) دەبێ.

# ناوەڕۆک

**بەشی یەکەم:**

یەکەم: پێشینەیەکی مێژوویی سەبارەت بە پرۆسەی پەیوەندیی و، ڕەگەزەکانی..

دووەم: پێناسەی پەیوەندیی و، جۆرەکانی.

سێیەم: ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری.

چوارەم؛ تایبەتمەندیی ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەریی.

**بەشی دووەم: ئامراز و هۆیەکانی پەیوەندیی جەماوەری.**

یەکەم: ئامرازە خوێندراوەکان.

دووەم: ئامرازە بیستراوەکان.

سێیەم: ئامرازە بینراوەکان.

چوارەم: میدیایی نوێ

# ناوەڕۆک

**بەشی سێیەم: تیۆرەکانی پەیوەست بەئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەریی.**

باسی یەکەم: تیۆرەکانی پەیوەست بەکارکردنی ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری.

یەکەم: تیۆری دەسەڵات.

دووەم: تیۆری ئازادی- لیبڕالی.

سێیەم: تیۆری سۆڤییێتی.

چوارەم: تیۆری بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی.

باسی دووەم: تیۆرەکانی پەیوەست بە کاریگەریی ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری.

یەکەم: تیۆری پاسەوانی دەرگا.

دووەم: تیۆری گوللەی سیحری (دەرزی ژێرپێست)

سێیەم: تیۆری چاندنی ڕۆشنبیری.

# پێشینەیەکی مێژوویی سەبارەت بە پرۆسەی پەیوەندی.

لەگەڵ ئەوەی سەرەتاکانی مێژووی دەرکەوتنی **پرۆسەی پەیوەندی** لە دونیادا بەشێوەیەکی زانستیانەی یەکلاکەرەوە نەزانراوە، بەڵام دەتوانین بڵێین؛ مێژووی پەیوەندیی هاوتایە لەگەڵ مێژووی مرۆڤایەتیدا و، هاوتەریب لەگەڵ قۆناغەکانی گەشەی مرۆڤایەتی، پرۆسەکە گەشەی کردووە، کەواتە دەکرێ سەرەتاکانی مێژووی ئەم پرۆسەیە، لەو پەیوەندییە سەرەتاییانەی مرۆڤەوە دەستپێبکەین کە وەک غەریزەیەکی خودیی، بۆتە هۆی هاندانی ئەو بوونەوەرەی کە بەسروشت؛ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و، خوازیاری تێکەڵاوبوونە بە مرۆڤەکانی دی.

بەشی یەکەم

جا ئەگەر دەستپێکی دەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە بە دەستپێکی پەیوەندیکردنی نێوان مرۆڤەکانی لەقەڵەم بدەین، ئەوا لەچوارچێوەی ئەم باسەدا، هەوڵدەدەین (دەسپێک و گەشەکردن و بەردەوامی) پرۆسەکە، لە چەند قۆناغێکدا بخەینەڕوو:

## قۆناغی یەکەم: قۆناغی بەکارهێنانی نیشانە و هێماکان.

ئەم قۆناغە بە سەرەتایترین قۆناغی بە یەکگەیشتن و پەیوەندی و گواستنەوەی پەیام لە نێوان مرۆڤەکان دادەنرێ، لەم قۆناغەدا مرۆڤ بۆ گەیاندنی بۆچوون و ئاڕاستە و بیروڕاکانی پشتی بە ئاماژە جەستەییەکانی بەستووە کە لەسەردەمی ئێستاکەماندا بە زمانی جەستە ( Body Language) دەناسرێ، هەر لەم قۆناغیدا مرۆڤ توانیویەتی قیژە و هاوارکردن بۆ ئاگادارکردنەوەی یەکتر بەکاربێنێ.

## قۆناغی دووەم: قۆناغی ئاخاوتن و گفتووگۆ.



لەم قۆناغەدا مرۆڤ بۆ یەکەمجار توانی لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە گوزارشت لە دەربڕینی پەیامەکانی بکات، بەم هۆیەوە مرۆڤ بە بەراورد لەگەڵ قۆناغی پێشووتر؛ دەیتوانی باشتر بۆچوون و بیروڕاکانی بە کەسی بەرامبەر بگەیەنێت.

## قۆناغی سێیەم: قۆناغی دۆزینەوەی نووسین.

لە قۆناغی سێیەمدا، مرۆڤ توانیویەتی بۆچوون و بیروڕاکانی (پەیام)ەکانی بەشێوازی نوسین بخاتەڕوو، لەسەرەتادا نووسینەکان وەک سەردەمی ئێستا لەسەر کاغەز بەشێوازی وورد و نەخشەسازی پێشکەوتوو نەدەخرانەڕوو، بەڵکو لەڕێگەی هەڵکۆڵینی بەرد و قوری سوورکراو و پێستەی ئاژەڵ و گەڵای دار و درەختەکانەوە نووسینەکان ئاماژەیان پێدەدرا.

هەر لەم قۆناغیدا (چینی) و (رۆمانی)یەکان لەپێناو ئاگادارکردنەوەی خەڵکی سنووری فەرمانڕەوایەتییەکانیان، هەواڵ و زانیارییە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانیان لەسەر بەرد و قوری سوورکراو دەنووسی و لە شوێنە گشتییەکان دەیانخستەڕوو.

## قۆناغی سێیەم: قۆناغی دۆزینەوەی نووسین.

لەسەرەتای قۆناغەکەشدا مانەوە و پاراستنی نووسراوەکان سەختبوون، چونکە نووسینی سەر بەرد و قوری سوورکراو جگە لەوەی سەختبوو بۆماوەیەکی درێژخایەن بە پارێزراوی بمێنێ، لە هەمان کاتدا؛ گواستنەوەیان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەش دژواربووەوە.

بەڵام بەکارهێنانی گەڵای ڕووەکی زەڵ کە لە دەورووبەری رووباری (نیل)دا بوونیان هەبووە، میسرییەکان توانیویانە لەبواری نووسیندا بەکاریبێنن و بەهۆیەوە ئاسانکارییەکی باش بۆ گواستنەوەی نووسینەکان لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دی هاتەئارا.

## قۆناغی سێیەم: قۆناغی دۆزینەوەی نووسین.

بووە هۆکار بۆ ئاڵوگۆڕی شارشتانیەتی نێوان فەرمانڕەوایەتییە جیاوازەکان و، شارشتانییەتی مرۆڤایەتی تاڕادەیەک بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی، چونکە نووسراوی سەر گەڵاکان ئاسانتر دەتوانرا بگوازرێنەوە و لە شوێنی دی بخوێنرێنەوە و سوودیان لێببینرێ.

بەڵام ئەوەی کە گرنگە و لەبیرنەکرێ، داهێنانی کاغەزە لەلایەن چینییەکانەوە، واتە چینییەکان یەکەم نەتەوە بووینە کە لەدرەخت کاغەز بەشێوازێکی پێشکەوتوو دابهێنن.

## قۆناغی چوارەم: قۆناغی دۆزینەوەی چاپخانە.

بابەتێک کە لە لای بیرمەند و توێژەرانی بواری ڕاگەیاندن گومانی تێدانەبێ، ئەوەیە؛ داهێنانی چاپخانە لەسەر دەستی (گۆتەنبێرگ) لە شاری (مینز)ی ئەڵمانی بەوەچەرخانێکی گرنگی بوارەکە لە قەڵەمدەدرێ، کە بەهۆیەوە ڕاگەیاندن گەیشتۆتە سەردەمێکی تازە و نوێوە و، لە قۆناغی پەرتەوازەیی و نا ئەکادیمیبوون، گواستراوەتەوە بۆ قۆناغی پیشەگەریەکی پێشەسازییانەی ڕێکخراو، بەر لە سەدەی پانزە، واتە بەرلەوەی چاپخانە بدۆزرێتەوە، نوسراوەکان لەڕێگەی دووبارە نووسینەوە لەبەردەگیران (Copy).

## قۆناغی چوارەم: قۆناغی دۆزینەوەی چاپخانە.

بۆیە نرخی نامیلکە و کتێبەکان گران بوو و لە توانای هەموو کەسێکدا نەبووە بیانکڕێت، بەڵام داهێنانی چاپخانە ئەرکی لەبەرگرتنەوەی ئاسانکرد و، بەهۆیەوەش نرخی نووسراوەکان هەرزانتربوون، زۆرینەی خەڵک دەیتوانی بیکڕیت و خوێنەری بێت، داهێنانی چاپخانە لەلایەن گۆتەنبێرگەوە؛ کارێکی هەروا ئاسان نەبووە، دوایی بەدواداچوون و تێرامانی زۆری، لە کۆتایدا توانیویەتی سود لە ئامێری کووشینی زەیتوون بۆ دەرهێنانی رۆن و کووشینی ترێ بۆ درووستکردنی شەراب ببینێ و، ئامێری چاپکردنەکەی لێیەوە دابهێنێ.

## قۆناغی چوارەم: قۆناغی دۆزینەوەی چاپخانە.

بەر لەوەی یەکەم بەرهەمی چاپخانەکەی بکەوێتە بەردەستی خوێنەران، گۆتەنبێرگ دووچاری دڵەڕاوکێ و نیگەرانییەکی زۆردەبێت، چونکە پێوابووە پێشوازی خوێنەران لە ئاست ماندوبوونی داهێنانەکەی نابێ، بۆیە بڕیاردەدات یەکەم بەرهەمی چاپخانەکەی؛ کتێبی (ئینجیل) بێ، بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەک کتێبی ئینجیلی بە نەخشەسازییەکی جوانتر لەوەی پێش خۆی، دەخاتە بەر دەست خوێنەران، خوێنەریش بەپێچەوانەی نیگەرانییەکانی گۆتەنبێرگ؛ پێشوازییەکی گەرم لە بەرهەمەکەی دەکات.

## قۆناغی پێنجەم: قۆناغی دوایی داهێنانی چاپخانە.

پێشکەوتنە تەکنەلۆژییەکان تەنیا بەداهێنانی ئامێری چاپکردن نەوەستان، بەڵکو دواتر بوون بەشۆرشی دەرکەوتنی چەندین ئامرازی دیکەی ڕاگەیاندن، بەم هۆیەوە؛ لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم سینەما دەرکەوت و، دواتر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، بەدیاریکراویش لە ساڵی (1901) ڕادیۆ لەلایەن (ماکرۆنی) داهێنرا، بەهۆی داهێنانەکەشیەوە؛ خەڵاتی (نۆبل) بە ماکرۆنی دەبەخشری..

لە سییەکانی سەدەی ڕابردووش تەلەڤزیۆن داهێنراو..

بەشی یەکەم

## قۆناغی پێنجەم: قۆناغی دوایی داهێنانی چاپخانە.

لە شەستەکانی هەمان سەدەش، مانگی دەستکرد بۆ بواری گەیاندن سودی لێبینرا، لە کۆتاییەکانی ساڵی (1969) لە لایەن وەزارەتی بەرگری ئەمەریکاوە تۆڕی ئینتەرنێت لە ئەنجامی پرۆژەیەکی ئەزموونی (تاقیکاری) و لەپێناو بەستنەوەی خودی وەزارەتەکە بە کۆمپانیا و زانکۆکانی بواری توێژینەوەی سەربازی سەریهەڵدا، دواتر ئەم تۆڕە بۆ سەرجەم وڵاتانی جیهان گواسترایەوە و، ڕۆژ لەدوایی ڕۆژیش لە گەشەکردن و پێشکەوتنی بەردەوامی دایە.

# قۆناغی پێنجەم: قۆناغی دوایی داهێنانی چاپخانە.

ئیدی لەم سەرەتا ساکارەوە کەباسکرا (لە قۆناغی بەکارهێنانی نیشانە و هێما)ـەوە، قۆناغ بە قۆناغ، بەگوێرەی گەشەکردنی ژیانی کۆمەڵایەتیی و بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی و پێشکەوتنی هزری داهێنان؛ ئامراز و هۆکارەکانی ڕاگەیاندنیش لەناو کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا پێشکەوتنیان بەخۆیەوە بینی، هەموو ئەو پێشکەوتنانەی کە بوارەکەدا داهێنران؛ داهێنراوی دەست و بیرکردنەوەی مرۆڤبوونە کە لە سەرەتاییترینیان تا پێشکەوتووترینیان، ئەوەمان پێدەڵێن: گەشەی ڕاگەیاندن و پێشکەوتنیان، پەیوەستبووە بە قۆناغەکانی گەشەکردنی بیری مرۆڤایەتی و، ئاستی کاریگەری هەر ئامرازێکیشیان بەگوێرەی سادەیی و پێشکەوتووی خودی داهێنانەکە بووە.

# قۆناغی پێنجەم: قۆناغی دوایی داهێنانی چاپخانە.

ئەمە سەبارەت بەمێژووی دەرکەوتنی ڕاگەیاندن لەسەر ئاستی دونیا، لە چوارچێوەی ئەم باسەشد؛ ئەوەی تایبەتبێ بە سەرەتاکانی دەرکەوتنی یەکەمین ڕاگەیاندنی کوردی، ئەوا لەم بوارەدا مێژوو دەمانگەڕێنێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم، لەو کاتەی کە یەکەمین ڕاگەیاندنی خوێندراوی کوردی کە ڕۆژنامەی (کوردستان) بووە، دەرکەوتووە.

## قۆناغی پێنجەم: قۆناغی دوایی داهێنانی چاپخانە.

ڕۆژنامەی (کوردستان) وەک یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی، ژمارە (1)ی لە (22)ی نیسانی ساڵی (1898) لە (قاهیرە)ی پایتەختی (مسر) و ژمارە (31)ی کە دوا ژمارەی خولەکەیەتی لە (14)ی نیسانی ساڵی (1902) لە (جنێڤ) و، لەلایەن بنەماڵەی بەدرخانییەکانەوە، بەدیاریکراویش (میقداد مەدحەت بەدرخان)ەوە دەرچووە، دەرکەوتنی یەکەمین ڕۆژنامەی کوردی وەک ئەوەی (میقداد مەدحەت بەدرخان)یش ئاماژەی پێکردووە؛ لەپێناو بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و نەتەوایەتی تاکی کورد بووە، بۆ ئەوە بووە تاکی کورد لەڕێگەی رۆژنامەی کوردستانەوە هەم ئاستی خوێندەوارییەکەی پێشبخات و ببێتە خاوەن رۆشنبیرییەکی بەرفراوان، هەمیش بگات بەئاستێکی هوشیاریی نەتەوەی بەرز بتوانێ لەڕێگەوە دۆست و دوژمنی میللەتەکەی بناسێ.

## قۆناغی پێنجەم: قۆناغی دوایی داهێنانی چاپخانە.

سەبارەت بەدەرکەوتنی یەکەمین ڕاگەیاندنی بیستراو (ڕادیۆ)ی کوردیش، ئەوا مێژووەکەی بۆ ساڵی (1946) دەمانگەڕێنتەوە، بۆ ئەو کاتەی کە ڕادیۆی (کوردستان) وەک بڵندگۆی پەیامەکانی کۆماری کوردستان لەشاری (مەهاباد)ی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی بە پەخشکردووە، رادیۆکە کار و چالاکییە سیاسیی و کۆمەڵایەتیی و ئابوورییەکانی حکومەتی کوردی بۆ خەڵکەکە گواستۆتەوە و، دواتریش لەگەڵ ڕووخانی کۆماری کوردستان، رادیۆکەش کۆتایی بە پەخشکردنی هێنراوە.

# قۆناغی پێنجەم: قۆناغی دوایی داهێنانی چاپخانە.

ئەوەی تایبەتیش بێت بەدەسپێکی یەکەمین ڕاگەیاندنی بینراو (تەلەڤزیۆنی ناوەخۆیی و کەناڵی ئاسمانی)ی کوردییەوە، ئەوا جارێکی دیکە مێژوو بۆ سەدەی بیستەم دەمانگەڕێنێتەوە، بەتایبەت لەو کاتەی کە لە باشوری کوردستاندا یەکەمین کەناڵی تەلەڤزیۆنی ناوەخۆ لە شاری سلێمانی و بەدیاریکراویش لەساڵی (1991) بەناوی (تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان) دەستی بە پەخشکردووە، لەسەر ئاستی (کەناڵە ئاسمانییە کوردییەکان)یش، کەناڵی (میدیا) وەک یەکەمین کەناڵی ئاسمانی کوردی لەدەرەوەی کوردستان و بەدیاریکراویش لەوڵاتی (بەلجیکا) و لەساڵی (1995) دەستی بە پەخشکردووە، یەکەمین کەناڵی ئاسمانی کوردیش کە لەناو هەرێمی کوردستان دامەزرابێ، سەتەلایتی کوردستان (Kurdistan TV) بووە، کە لەکۆتاییەکانی ساڵی (1998) دەستی بە پەخشی ئەزموونی کردووە.

## قۆناغی پێنجەم: قۆناغی دوایی داهێنانی چاپخانە.

لەکۆتاییدا، ئەوەی کە گرنگە وەک تێبینی سەبارەت بە مێژووی ڕاگەیاندنی کوردییەوە ئاماژەی پێبدرێت، بەتایبەت دەرکەوتنی یەکەمین ڕادیۆ و یەکەمین تەلەڤزیۆنی کوردی، ئەوەیە کە بەر لە دەرکەوتنی ڕادیۆیی کوردی سەردەمی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و هەروەها بەر لە پەخشی تەلەڤزیۆنی گەلی کوردستان و کەناڵی ئاسمانی میدیا، پێشووتر ڕادیۆ و تەلەڤزیۆن بە زمانی کوردی پەخشی هەبووە، بەڵام پەخشەکانیان لە چوارچێوەی ڕادیۆیەکەوە بووە کە لەلایەن بێگانەوە بەڕێوەبراوە، واتە کورد خۆی وەک دامەزراوە خاوەنداریێتی ڕادیۆکەی نەکردووە، بەڵکو تەنیا وەک بەش چەند کاتژمێرێکی پەخشکردنی پێدراوە.

## دووەم: پێناسەی پەیوەندیی و جۆرەکانی.

پەیوەندی (Communication) پرۆسەی گواستنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییە لە لایەن کەسێک لەگەڵ خودی خۆی، یان لە نێوان دوو کەس یاخود زیاتر، لەڕێگەی ئامرازێکی هاوبەشیانەوە لە نێوانیاندا ئەنجامدەدرێت.

بەپێی پێناسەی فەرهەنگی ئۆکسفۆردی بەریتانیبی ( Oxford Advanced Learner's Dictionary) پەیوەندی بریتییە لە پرۆسەی دەربڕینی بیروڕا و هەستەکان، یاخود پێدانی زانیاری بەخەڵک، جا بەشێوەی زارەکی، یاخود نووسین، یان ئاماژە.

بیرمەندی ئەمەریکی فرانک دانس (Frank Dance) یش پێیوایە، پەیوەندی؛ پرۆسەی کارلێکی نێوان (نێرەر) و (وەرگر)ە، لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی دیاریکراودا..

بەشی یەکەم

## دووەم: پێناسەی پەیوەندیی و جۆرەکانی.

پرۆسەی پەیوەندیکردن جۆری زۆرە، کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1) **پەیوەندیکردنی خودی:** جۆرێکە لە جۆرەکانی پەیوەندیکردن، تیایدا مرۆڤ لەڕێگەی بیرکردنەوەوە گفتوگۆ لەگەڵ خودی خۆی دەکات، ئەم جۆرە پەیوەندییە بێدەنگە، ئەگەر هاتوو دەنگە دەنگ و قسەکردنی تێکەوت، ئەوا زۆرجار بەتێکچوونی باری دەروونی کەسەکە هەژماردەکرێ و پێی دەگوترێ (وڕێنەکردن، یاخود لەبەرخۆقسەکردن).

2) **پەیوندیکردنی ڕاستەوخۆ:** ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە لەنێوان دوو کەس یان زیاتر ئەنجامدەدرێت، تیایدا زانیاری و بیروڕاکان بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ ئاڵوگۆڕ دەکرێن، بەبێ ئەوەی هیچ ئامرازێکی پەیوەندیکردنی دەستکردی مرۆڤی تیایدا بەکاربێت.

## دووەم: پێناسەی پەیوەندیی و جۆرەکانی.

3) **پەیوەندیکردنی ناوەندی:** ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە دەکەوێتە نێوان هەردوو جۆری (پەیوەندی ڕاستەوخۆ) و (پەیوەندی جەماوەری)، تیادا تەلەفۆن و ئینتەرنێت بۆ ئالوگۆڕکردنی زانیارییەکان بەکاردێت.

4) **پەیوەندیکردنی جەماوەری:** ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ لەنێوان (نێرەر) و (جەماوەر)ێکی بەرفراوان ئەنجامدەدرێت، بۆ ئەم جۆرە پەیوەندیکردنە یەکێک لە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن (کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، کەناڵە ئاسمانییەکان، ئینتەرنێت) بەکاردێت.

## سێیەم؛ پێناسەی پەیوەندیی جەماوەری و تایبەتمەندییەکانی.

(چارلز ڕایت) لەبارەی پێناسەکردنی (پەیوەندیی جەماوەری)یەوە، دەڵێت؛ **پەیوەندیی جەماوەری جۆرێکی تایبەتە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، تایبەتمەندییە جیاوازەکانی جەماوەر و ئەزموونی پەیوەندیی و نێرەر لەخۆدەگرێت.**

یاخود دەکرێ بڵێین؛ **پەیوەندیی جەماوەری پرۆسەی گەیاندنی زانیاریی و بیرۆکە و هەڵوێستە بە جەماوەرێکی فراوان و هەمەچەشن لەڕێگای بەکارهێنانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە کە بۆ بوارەکە تەرخانکراوە.**

## سێیەم: پێناسەی پەیوەندیی جەماوەری و تایبەتمەندییەکانی.

پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری بە کۆمەڵێک تایبەتمەندی و خەسلەت دەناسرێ کە گرنگترینیان بریتین لە:

1. جۆرێکی تایبەتی پەیوەندیی کۆمەڵایەتییە، پێویستی بە ئاراستەی کۆمەڵایەتیی و تەکنیکی جیاوازە بۆ پەیوەندیکردن بە جەماوەر، بۆ نموونە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار پێویستیان بە چاپخانە و کاغەز و کۆمپیوتەرە بۆ دیزاینکردن و نەخشەسازی لاپەڕەکانی، ڕادیۆ و تەلەڤزیۆنیش پێویستیان بە ئامێری پێشکەوتووی پەخشکردنە.
2. پەیوەندییە جەماوەرییەکان مامەڵە لەگەڵ بینەرێکی تاڕادەیەک فراوان و نایەکسان و نەناسراو دەکات.
3. لە پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەریدا ئامادەکردن و گواستنەوەی پەیام پێویستی بە توانایەکی دارایی زۆرە.

## سێیەم: پێناسەی پەیوەندیی جەماوەری و تایبەتمەندییەکانی.

4. پەیوەندیی جەماوەری نوێنەرایەتی هەوڵ و چالاکییەکانی زۆر کەسی جیاواز دەکات، هیچ تاکە کەسێک بەسەربەخۆ ناتوانێ بەشداری پەیوەندییە جەماوەرییەکان بێت، چونکە بۆ گەیاندنی پەیامی پەیوەندییە جەماوەرییەکان پێویستیمان بە کۆمەڵێک کەسی بەهرە جیاواز دەبێ.
5. بۆ گواستنەوەی زانیارییەکان پشت بە ئامرازی پەیوەندیی جیاوازی وەک: سینەما، کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، ڕادیۆ، تەلەڤزیۆن، ئینتەرنێت و ..هتد دەبەستێ.
6. پەیوەندیی جەماوەری پرۆسەیەکی ڕێکخراوە، پەیامەکانی لە لایەن کۆمەڵێک پسپۆری جیاوازەوە ئامادەکراون.

بەشی یەکەم

# سێیەم؛ پێناسەی پەیوەندیی جەماوەری و تایبەتمەندییەکانی.

7. لە پەیوەندیی جەماوەریدا پەیامی پەیام ئاشکرا و گشتییە، بۆ ئەو کەسانەش دەچێ کە دەیانەوێ بیخوێننەوە یان بیبیستن یاخود بیبینن.
8. پرۆسەی فیدباک (Feed back) لە پەیوەندیی جەماوەری سست و لەسەرخۆیەم بە بەراورد لەگەڵ جۆرەکانی تری پەیوەندی.

## چوارەم؛ ئەرکی ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

1. **ئەرکی هەواڵ،** واتا گواستنەوەی هەواڵ، جا چ هەواڵی ناوەخۆیی و هەرێمی بێت، یاخود نێودەوڵەتی، سیاسیی بێ یاخود ئابووری، کۆمەڵایەتی، هونەری، وەرزشی.
2. **ئەرکی پەروەردەیی،** واتا پێدانی زانیاری لە بوارە جیاوازەکانی ژیان، کە بە هۆیەوە ئاستی ڕۆشنبیری مرۆڤ بەرزدەبێتەوە و فێری کارامەیی و لێهاتوویی زیاتر دەبێ.
3. **ئەرکی بەیەکەوە بەستنەوەی کۆمەڵگا،** ئەم ئەرکە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی کولتوور و داب و نەریت و بەها باوەکانی کۆمەڵگا بەدیدێت، لە ڕێگەی ئەم ئەرکەوە یەکڕیزی و یەکگرتووی لە نێوان ئەندامانی کۆمەڵگا بەدیدێت و، بەمەش پاراستنی کیان و یەکگرتوویی کۆمەڵگاکەی لێدێتە ئاراوە.

## چوارەم؛ ئەرکی ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

4. **ئەرکی کات بەسەربردن،** واتا ڕەخساندنی کەشێکی دەروونی و کۆمەڵایەتی گونجاو بۆ جەماوەر و، دوورخستنەوەیان لە دڵەڕاوکێ و شلەژانە دەروونییە جیاوازەکانی ڕۆژانەیان.
5. **ئەرکی چاودێریکردن،** واتا پاراستن و پارێزگاریکردن لە کۆمەڵگا، ئەمیش لە ڕێگای بەرەنگاربوونەوەی پێشێلکارییەکان و بنەبڕکردنی گەندەڵییەکان.
6. **ئەرکی ڕێکلام و بازارکاری،** ناساندنی کاڵا و پەرەپێدانی بەرهەم و خزمەتگوزارییە ناوەخۆییەکان، هاندانی چالاکی ئابووریی و بازرگانی.
7. **ئەرکی پێکهێنانی بۆچوون و هەڵوێستەکان،** لە ڕێگەی ئەم ئەرکەوە ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری کاردەکەن بۆ پێکهێنانی بۆچوون و هەڵوێست و ڕای گشتی لەسەر پرسە جیاوازەکان.

## پێنجەم؛ ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری

پەیوەندی وەک پرۆسە، کۆمەڵێک رەگەزی جیاواز لەخۆدەگرێ، کە بەشێوازێکی هاوبەش پێکهێنەری پەیامی ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەرین و، هەریەکێکیش لەم ئامرازانە لەڕێگەی ئەم ڕەگەزانەوە کاریگەری دەخەنە سەر جەماوەر، ڕەگەزەکانیش بریتین لەمانەی خوارەوە:

## پێنجەم؛ ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری

1. **نێرەر** (Sender):

نێرەر بەرەگەزی یەکەم و خاڵی سەرەتای پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری دادەنرێ، ئەو تاکە یاخود ئەو تاکانەن کە پەیامەکە ئامادە دەکەن و دەینێرێت بۆ وەرگر، لەسەر نێرەر پێویستە زانیاری لەسەر وەرگرانی هەبێت، تاوەکو لەپێناو هێنانەدی ئامانجی پەیامەکەی کاریگەرییان لەسەر دروستبکات.

## پێنجەم؛ ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری

2. **پەیام** (Message):

پەیام بریتییە لەو زانیارییەی کە لە جۆرەها مەعریفەی جیاواز پێکدێ و لەڕێگەی (نێرەر)ەوە ئاڕاستەی (وەرگر) دەکرێت، جا ئەم پەیامە بەشێوازی (نووسراو، یان بیستراو، یاخود بینراو) بێت، مەرجە لە پەیامدا وردبینی لە ناوەڕۆکەکەی و ئاسانکاری لەڕووی زمانەوانی و ئەو ئامرازەی پەیامەکەی لێوە ئاڕاستەدەکرێ بەگرنگ بزانرێ، هەروەها پێویستە ئاستی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی (وەرگر)ەکانیشی لەبەرچاوبگیردرێ.

# پێنجەم؛ ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری



3. **ئامراز** (Channel):

ئامراز یاخود کەناڵ بریتییە لەو هۆکارانەی کە لەڕێگەیەوە (پەیام)ەکانی (نێرەر)ی بۆ (وەرگر) پێ دەگوازرێتەوە، جا ئەم ئامرازانە خوێندراوبن وەک (ڕۆژنامە و گۆڤار)، یاخود بیستراوبن وەک (ڕادیۆ)، یان بینراوبن وەک (تەلەڤزیۆن و کەناڵە ئاسمانییەکان)، لەچوارچێوەی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەریدا لەسەر (نێرەر) پێویستە ئامرازێکی گونجاو بۆ گەیاندنی (پەیام)ەکەی دیاربکات کە لەگەڵ سروشتی پەیامەکەیدا بگونجێ، تاوەکو بە باشترین شێواز کاریگەری بخاتە سەر زۆرترین وەرگر.

## پێنجەم؛ ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری

**4. وەرگر (Receiver):**

مەبەست لە (وەرگر)، واتە ئەو خەڵکەی پەیامی نێرەری ئاراستە دەکرێ، وەرگر بنەمای سەرەکی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەرییە و، بەهۆیەوە (نێرەر)ی دەیانەوێت پێیان بگەن و کاریگەرییان لەسەر درووستبکەن، لە هەر پرۆسەیەکی پەیوەندیی جەماوەریدا ناسینی (وەرگر) بەیەکێ لە بنەماکانی سەرکەوتنی پرۆسەکە هەژماردەکرێ، چونکە ئەگەر (پەیام)ی (نێرەر) نەتوانێت بگا بە (وەرگر)، ئەوا ناشتوانێ کاری لێبکات و ئامانجەکانی بەدیبهێنێت.

## پێنجەم؛ ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری

5. ژاوەژاو (Noise):

ژاوەژاو بریتییە لە بوونی هەر کۆسپێک کە ببێتە ڕێگر لەبەردەم پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری، بەشێوەیەکی گشتیش ژاوەژاو بە دوو جۆر دەردەکەوێ؛ جۆرێکیان ژاوەژاوی تەکنیکییە و پەیوەندی بە خودی ئامرازی پەیوەندیی جەماوەری هەیە، جا ئەم کەموکوڕییە بەهۆی خراپی ئامێرەکانی دەنگەوە بێ، یاخود خراپ پەخشکردنی وێنەکانەوە درووستبێ، جۆری دووەمیشیان پێی دەگووترێ؛ ژاوەژاوی واتایی کە پەیوەندی بە ئاستی تێگەیشتنی (وەرگر)ەوە هەیە بۆ ئەو پەیامەی کە لە ڕاگەیاندنەوە پێشکەشی دەکرێ، ئەرکی ژاوەژاو درووستکردنی بەربەستە لە بەردەم سەرکەوتنی پرۆسەی ڕاگەیاندندا، تاوەکو ژاوەژاو زیاتر بێ، هێندە کاریگەری ڕاگەیاندن کەمتردەبێ، بەپێچەوانەشەوە؛ چەندی ژاوەژاو کەمتر بێت، هێندەش کاریگەری ڕاگەیاندن زیاتر دەبێ.

## پێنجەم: ڕەگەزەکانی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری

### 6. **کاریگەری** (Effect):

کاریگەری وەک دەرئەنجامێکی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری دەکەوێتە سەر (وەرگر)ەوە، جا ئەم کاریگەرییە دەروونی بێت، یاخود کۆمەڵایەتی، کاتێک (نێرەر) پلان بۆ پێشکەشکردنی (پەیام)ەکەی دادەڕێژێ، مەبەستییەتی پەیامەکەی زۆرترین کاریگەریی لەسەر وەرگرانی دروووست بکات، بۆیە دەکرێ بگوترێ: کاریگەری بریتییە لە دەرئەنجامی کۆتایی پرۆسەی پەیوەندیی جەماوەری، ئەمەش لەکۆتایدا لەو گۆڕانکارییانەوە دەردەکەوێ کە لە ڕەفتار و هەڵوێستی (وەرگر)ەکانیدا ڕەنگدەداتەوە.

# بەشی دووەم

# ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

## یەکەم؛ کتێب (Book).

یونسکۆ ساڵی ١٩٦٤ لە بارەی پێناسەکردنی کتێبەوە دەڵێت؛ چاپکراوێکی بەردەوام نییە، ژمارەی لاپەڕەکانی لە ٤٩ لاپەڕیش کەمتر نییە.

دوایی داهێنانی چاپخانە لەلایەن (گۆتنبێرگ) لە شاری ماینزی ئەڵمانیا، کتێب بە شێوازێکی فراوانتر بڵاوبوویەوە، پێش داهێنانی چاپخانە کتێبەکان بە دەستخەت لەلایەن (دەستنووسەکان- الناسخ) دەنووسرایەوە، بۆیە نرخی کتێب هێند گران بوو کە تەنیا دەوڵەمەندەکان دەیانتوانی بیکڕن و ببنە خاوەنی.

## بەشی دووەم
## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

### یەکەم؛ کتێب (Book).

ساڵ لە دوایی ساڵ ژمارەی ئەو وڵاتانەی بوونە خاوەن چاپخانەی خۆیان لە زیادبوون دابوون، دوایی ئەڵمانیا، چاپخانە گەیشتە وڵاتی ئیتاڵیا، کە بازارێکی بە رەواجی کتێب بوو، لە سەرەتایی سەدەی شانزەهەمیشدا چاپخانە گەیشتە وڵاتانی وەک هۆڵەندا و بەلجیکا و بەریتانیا و فەرەنسا، زۆربەی وڵاتان جگەلە لە بەریتانیا سەرەتا گرنگیان بە چاپکردنی کتێبە ئایینی و کلاسیکییەکان دەدا، کەچی ئینگلیزەکان کتێبە نووسەرە بەناوبانگەکانی خۆیانیان چاپ دەکرد، هەر لەگەڵ کۆتایهاتنی سەدەی شازدە چاپخانە لەسەرانسەری وڵاتانی ئەورووپا بڵاوبوویەوە، هاوکات لەگەڵ بڵاوبوونەوەی چاپخانەش، لە ئەورووپا کردنەوەی قوتابخانە و پرۆسەی فێرکردنیش دەستیپێکرد.

## بەشی دووەم
## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

**یەکەم؛ کتێب** (Book).

ئەمرۆکەش لە وڵاتانی جیهان، ساڵانە بەدەیان هەزار کتێبی جۆراوجۆر لەبوارە جیاوازەکانی زانستی و ڕۆشنبیری و ئەدەب و کۆمەڵناسیی و دەروونناسیی و ڕاگەیاندن و سیاسیی و ...هتد چاپدەکرێن، جگەلەوە، لە ئێستادا کتێبی ئەلیکترۆنیش سەریهەڵداوە کە دەتوانرێ لەڕێگەی کۆمپیوتەر و مۆبایلەوە بخوێندرێتەوە و لەڕێگەی ئینتەرنێتیشەوە بە ئاسانی بگوازرێتەوە.

## دووەم؛ ڕۆژنامە (Newspaper)

ڕۆژنامە بەوە پێناسەکراوە کە (بڵاوکراوەیەکی بەردەوامە بەهۆی ئامێرێکی چاپکردن و بەکارهێنانی هونەرەکانی ڕۆژنامەوانییەوە؛ هەواڵ، ڕاپۆرت، چاوپێکەوتن، توێژینەوە، ڕاپرسی، وتار و ستوون)ی تیادا دەردەچێ.

ڕۆژنامە بەگوێرەی چاخ و سەردەمەکان کۆنە، ڕۆژنامەی جاران بەمشێوەی ئێستا نەبوو کە دەبینرێت، بەڵام بە دڵنیاییەوە ئامانجەکانی خۆی لە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانەی کە خەڵکی ئەو کات پێویستی پێبووە بەدیهێناوە،

# بەشی دووەم

# ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

## دووەم؛ ڕۆژنامە (Newspaper)

مێژوویی بڵاوکردنەوەی زانیاریی و بیروڕا و یاسا و ڕێساکان، دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی بابلییەکان، کە تاتە قووریان بەکاردەهێنا بۆ نووسینی گرنگترین ڕووداوەکانی ڕۆژانەیان، لە وڵاتی چینیشدا؛ بە درێژایی (١٥٠٠) ساڵ جارنامەیەک بەناوی (ئیمپراتۆرییەتی ڕۆژ دەردەچوو لەپێناو گەیاندنی هەواڵ و ناساندنی یاسا گرنگەکان بۆ هاوڵاتیانیان.

لە (ڕۆما)ش یاسا و بڕیارەکانی ئەنجومەنی پیران و گرێبەست و حوکمەکانی دادگا و ئەو ڕووداوە گرنگانەی لەسەر خاکی ئیمپراتۆریەتەکە ڕوویان دەدا، لە بڵاوکراوەیەکدا بەناوی (ئەکتادیورنا) بڵاودەکرایەوە.

## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

### دووەم؛ ڕۆژنامە (Newspaper)

دوایی داهێنانی چاپخانەش لە ساڵی (١٤٤٥) لە لایەن (گۆتەنبێرگ)ەوە، کۆمەڵێک هەوڵوتەقەڵا درا بۆ دەرکردنی پەخشنامەی کاغەزی یەک لاپەڕەیی، لە ئەنجامدا یەکەم پەخشنامە لەڕێگەی چاپخانەوە لە شاری بەرشلۆنە لە نیسانی ساڵی ١٤٩٣ دەرچوو.

دواتر دەرکردنی ئەم پەخشنامانە گواسترایەوە بۆ چەند وڵاتێکی تری وەک (ئەڵمانیا، نەمسا، هۆڵەندا، بەریتانیا)، پاشان یەکەم پەخشنامە لە ساڵی (١٦٣١) لە وڵاتی فەرەنسا بڵاوبوویەوە، لەساڵی (١٦٤٥) یش یەکەم ڕۆژنامە چاپکرا، ئینجا توانرا باس لە ڕۆژنامە بکرێ بە واتا ڕاستەقینەکەی، بەمەش سەرەتاکانی سەدەی شازدە و (١٧ و ١٨) ڕۆژنامەی ڕێک و پێک لە ئەورووپا و ئەمەریکا دەستیان بە بڵاوکردنەوە کرد و، خەڵکانێکی پیشەوەریش پەیدابوون کە پیشەیان بوو بە کاری ڕۆژنامەوانی.

# بەشی دووەم

# ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

## دووەم؛ ڕۆژنامە (Newspaper)

ڕۆژنامە کۆمەڵێک تایبەتمەندی هەیە، لە گرنگترینیان؛

1. توانای پاراستنی زانیارییەکانی بۆماوەیەکی زۆر هەیە، دواتریش دەکرێ وەک سەرچاوەیەکی زانیاری سوودیان لێ ببینرێت.
2. خوێنەر دەتوانێ لە کاتی گونجاویدا زانیارییەکان بخوێنێتەوە، بێ ئەوەی زانیاریی و بۆچوونەکانی ناو ڕۆژنامەکەیان لەدەست بچێ.
3. دەتوانرێ ڕۆژنامە تایبەتکرێ بە بوارێکی دیاریکراوەوە، وەک ڕۆژنامەی سیاسی، ئابووری، ڕۆشنبیری، هونەری، وەرزشی..هتد.
4. ڕۆژنامە بە وشە و دەربڕینە سەرنجراکێش و شێوازی قەشەنگ و ڕێکوپێکی و سادە و ڕەوانییەکەی ناسراوە، هەر کەسێکی خوێندەوار دەتوانێ لێی تێبگات.

## سێیەم؛ گۆڤار (Magazine)



گۆڤار چاپکراوێکی بەردەوامی ڕێکوپێکی وێنەدارە، یاخود بێ وێنەیە و بابەتی هەمەڕەنگی لەخۆگرتووە.

سەرەتاکانی پەیدابوون و سەرهەڵدانی گۆڤار دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سەدەی حەڤدەهەم، چونکە لەو کاتیدا ئینگلیزەکان بڵاوکراوەیەکیان بڵاودەکردەوە کە بابەتی جۆراوجۆری لەخۆگرتبوو، یەکێک لەم بڵاوکراوانەش (مێژوویی کاری فێرخوازەکان) بوو، دواتر ئەم بڵاوکراوەیە بوو بە نۆبەرەی گۆڤار لەساڵی (١٦٩٩).

## بەشی دووەم

## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری



### سێیەم؛ گۆڤار (Magazine)

گۆڤار شانبەشانی ڕۆژنامە بەهۆی پەرەسەندنی چاپخانە و دەرکەوتنی جۆری نوێی کاغەزەوە پەرەیسەند، هەرچەندە گۆڤار جیاوازییەکی زۆری لەگەڵ ڕۆژنامەدا هەیە چ لەرووی ناوەرۆکەوە بێت یاخود لەرووی شێوەیەوە، چونکە گۆڤار بەرەو تایبەتمەندییەکی وورد ئاڕاستەکرا، جگە لەوەی کە بە لاپەڕەی ڕەنگاو ڕەنگ و جوان و قەشەنگ دەرازێنرێتەوە و، بەشێوەی هەفتانە یان دوو هەفتە جارێک یاخود مانگانە یانیش وەرزیانە بڵاودەبێتەوە.

## بەشی دووەم

## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

### سێیەم؛ گۆڤار (Magazine)

لە کۆتایشدا، گرنگترین تایبەتمەندییەکانی گۆڤار، دەکرێ لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورتبکەینەوە؛

1. بە بەراووورد لەگەڵ ڕۆژنامە، ژمارەی لاپەرەکانی گۆڤار زیاترە و، بۆیە دەکرێ خسنەروو و شیکردنەوەی بابەتەکان بەشێوەی لێکۆلینەوە و ڕاپۆرتی درێژ بخرێنەڕوو.
2. کۆمپانیاکانی بواری ریکلام و بازرگانی، زیاتر گۆڤار بۆ ناساندنی کالاکانیان بەکاردێنن وەک لە ڕۆژنامە، ئەمیش بەهۆی کاغەزە پتەوە لووس و ڕەنگاوڕەنگەکەیەوە.
3. گۆڤار زیاتر تایبەتمەندیی لە بابەتێکی سیاسی، یان ئابووری، یاخود هونەری، یانیش وەرزشی وەردەگرێ.

## بەشی دووەم

## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

### چوارەم: سینەما (Cinema).

چاکەی داهێنانی سینەما دەگەڕێتەوە بۆ زانای فەرەنسی (لویس لۆمێر)، لۆمێر سەرەتا دەستی بە درووستکردنی سینەما لەگەڵ فۆتۆگراف کرد، توانی یەکەم نمایشی سینەماتۆگرافی (سینەمای بێدەنگ) لە ٢٨/١٢/١٨٩٥ دا لە یەکێک لە قاوەخانەکانی شەقامی (کابرسین) ی پاریس پێشکەش بکات، دواتر هێندەی نەخایاند ئەم داهێنانە لە زۆربەی وڵاتانی جیهان بڵاوبوویەوە و ئامێرەکانی پەخشکردنی سینەماش رۆژ لەدوایی رۆژ زیاتر پەرەیپێدەدرا. ئەوەی تایبەتیش بێت بە سینەمای دەنگی، لە ساڵی (١٩٢٧) پەیدابوو، یەکەم فیلمی رەنگاوڕەنگیش لە ساڵی ١٩٢٩ وێنەگیرا.

## بەشی دووەم
## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

**چوارەم: سینەما** (Cinema).

هەرچەندە تۆماس ئەدیسۆن گەیشتە گرێدانی تەکنەلۆژی کە وایکرد سینەما ببێتە شتێکی ئاسایی، بەڵام سەدانیتر لەسەرانسەری جیهاندا بەشدارییان لە هێنانەدی ئەم ئامانجەدا کرد، هەر لە کارگەکەی ئەدیسۆنیشدا؛ کامێرایی سینەمایی و ئامێریی نمایشی سینەمایش داهێنرا.

## پێنجەم: ڕادیۆ (Radio)



دامەزراندن و سەرهەڵدانی ڕادیۆ بەهۆی هەوڵ و تەقەلای ژمارەیەک زاناوە بووە، لەوانەش (ساموێل مۆرس) کە ساڵی ١٨٣٧ تەلەگرافی داهێنا، دوایی ئەوە هێڵی تەلەگراف لە نێوان ئەمەریکا و ئەورووپا ئەنجامدا، جگەلەوەش (گراهام بێڵ) لەساڵی ١٨٧٦ تەلەفۆنی بۆ گواستنەوەی دەنگی مرۆڤی بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ بە تەلدا داهێنا، (جیمس ماکسوێل) یش لە ساڵی (١٨١٥) گەیشتە ئەو ڕاستییەی کە شەپۆلی کەهرۆموگناتیسی هەیە و دەتوانرێ لە ڕێگای (با)وە بە خێریی ڕووناکی بگوازرێتەوە،

# بەشی دووەم
# ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

## پێنجەم: ڕادیۆ (Radio)



دواتر زانای ئەڵمانی (هنرک هێرتز) توانی ئەم شەپۆڵانە بەرهەم بهێنێت و درێژی و خێرایشیان پێوانە بکات، دواتر هەر خۆی شەپۆلی کوورتی لە ساڵی ١٨٨٨ دا دۆزییەوە، داهێنەری ئیتالیش (جوجلیمۆ مارکۆنی) سوودی لەو شەپۆلانە وەرگرت، کاتێک سەلماندی کە دەکرێ ئاماژەی کەهرۆموگناتیسی لەڕێگەی ئاسمانییەوە بنێردرێت، ئەمەش لەساڵی ١٨٩٦ روویدا، ئەم داهێنانەش لە وڵاتی بەریتانیا تۆمارکرا، دوایی ئەوەی لە ئیتاڵیا کارەکەی پشتگوێخرا.

## پێنجەم؛ ڕادیۆ (Radio)



(مارکۆنی) لە ناردن و وەرگرتنی ئاماژە لە دووری چەندین کیلۆمەتر بەبێ بەکارهێنانی تەل سەرکەوتنی بەدەستهێنا، ئەمەش بە سەرەتای پەخشی ڕادیۆ دادەنرێت.

بەڵام ڕادیۆ تا ساڵی ١٩٢٠ نەبووە دیاردەیەکی ڕاستەقینە، ئەمەریکا بەیەکەم وڵات دادەنرێت کە تاقیکردنەوەکانی خۆی لەم بوارەدا پەرەپێدا، دواتریش بەریتانیا و فەرەنسا و ئەڵمانیا.

# بەشی دووەم

# ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

## شەشەم: تەلەڤزیۆن (Television)

تەلەڤزیۆن ئامێرێکی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنییە بۆ ەخشکردن و وەرگرتنی دەنگ و وێنەی جولاو لە دوورەوە، تاقیکردنەوەی زانایان بۆ داهێنانی تەلەڤزیۆن دەگەڕێتەوە بۆ بیستەکانی سەدەی ڕابردوو کە لە وڵاتی ئەمەریکا دەستی پێکرد، کە دیارترینیان دکتۆر (ڤلادیمێر زوریکین) بوو کە لە رووسیاوە کۆچیکردبوو بۆ ئەمەریکا، لە ئەمەریکا بەهاوکاری کۆمپانیای (وستنجهاوس) توانی (ئیکۆنۆسۆب) واتە چاوی کامێرای تەلەڤزیۆنی دابهێنێ، هەروەها زانایەکی تر بەناوی (فیلۆ فارتزورس) توانی کامێرای تەلەڤزیۆنی پەرەپێبدات. جگە لەوانەش (ئەلین دۆمۆنت)ی زاناش توانی یەکەم ئامێری وەرگرتنی تەلەڤزیۆن دابهێنێ.

# بەشی دووەم

## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

(جۆن لۆجی بەیرد) لە لەندەن لە ساڵی ١٩٢٤ توانی یەکەم سیستەمی تەلەڤزیۆنی بخاتەروو کەناوی نا (Analog)، کە ئامێرێکی نیمچە میکانیکی بوو، یەکەم پەخشی حکومیش بۆ مەودایەکی درێژ لە واشنتۆنەوە بۆ نیۆرک لە ٧/٧/١٩٢٧ ئەنجامدرا، یەکەم سیستەمی تەلەڤزیۆنی ئەلیکترۆنیش کە بەتەواوی خرایەروو، لەلایەن (تایلۆر فارنزووۆرس فایلۆ) بوو لە پایزی ساڵی ١٩٢٧، یەکەم وێستگەی تەلەڤزیۆنیش کە کرایەوە لە (سکنکتادی) نیۆرک بوو لە ١١/٣/١٩٢٨، تۆڕی (NBC) یەکەم پەخشی تەلەڤزیۆنی لە ساڵی ١٩٣٥ دەستپێکرد.

## بەشی دووەم

## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

لە کۆتایشدا، دەکرێ گرنگترین تایبەتمەندییەکانی تەلەڤزیۆن لەم چەند خاڵەی خوارەوە بخەینەڕوو؛

1. هەردوو هەستی بینین و بیستن دەدوێنێ.
2. خێرایی لە گواستنەوەی زانیاری و بیروڕاو هەواڵ بەهۆی پێشکەوتنی مانگە دەستکردەکانەوە.
3. هۆکارێکی گرنگی کاتبەسەربردنە لەڕێگەی پێشکەشکردنی فیلم و دراما و گۆرانی و گۆرانی و میوزیک.

# بەشی دووەم

# ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

## حەوتەم؛ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Networks)

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان چەمکێکی تەواو کۆمەڵناسییە و، تیایدا ئاماژەیەکی ڕوون هەیە بۆ گرنگترین دیاردەی ژیانی کۆمەڵایەتی کە ئەویش پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە، وەک دەزانرێ؛ پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان یەکێکن لە بابەتە سەرەکییەکانی زانستی کۆمەڵناسی، تۆڕی کۆمەڵایەتی زۆریش هەن، وەک (فەیسبووک، تویتەر، ئینستاگرام، سناپ چات، تیک تۆک ...هتد)، تیایاندا خەڵک، بەدەر لە مەوداکانی دووری و بەربەستی سروشتی، لەگەڵ یەکتر لەپەیوەندیدا دەبن و لەزۆر بابەتیشدا هاوبەشی و کارلێک دەکەن، یەکتردەناسن و پەیوەندی جۆراوجۆریش درووست دەکەن؛ هاوڕێیەتی، خۆشەویستی، تەنانەت پرۆسەی هاوسەرگیریشی لێدەکەوێتەوە.

# بەشی دووەم

## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

وەک پێناسە دەتوانین بڵێین؛ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان پێگەیەکی ئەلیکترۆنی پەیوەست بەراگەیاندنی نوێن، لە ڕێگەیەوە بەکارهێنەران دەتوانن کارلێک و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان ئاڵوگۆڕبکەن.

تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەگەڵ ئەوەی هۆکارێکی گرنگی ئاڵوگۆڕکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان تاکەکانی کۆمەڵگان، لە هەمان کاتدا؛ بەدەر نین لە زیانگەیاندن بە بەکارهینەرانی، لە خوارەوە گرنگترین سود و زیانەکانی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییان لەسەر بەکارهێنەرانی دەخەینەڕوو:

# بەشی دووەم

# ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

**سودەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.**

1. هەموو کەسێک دەتوانێ هەژمارێکی تایبەت بەخۆی هەبێت و، لە ڕێگەیەوە گوزارشت لە بیروبۆچوونەکانی بکات.

2. بەردەوامیدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و، هەروەها دروستکردنی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی نوێ لەگەڵ بەکارهێنەرانی دیکەی تۆڕەکە.

3. ئاڵوگۆڕکردنی بۆچوونەکان لەگەڵ بەکارهێنەرانی تۆڕەکە، جا ئەم ئاڵوگۆڕە لە ڕێگەی کۆمێنت نووسینەوە بێت، یاخود لە چوارچێوەی ئاڵوگۆڕکردنی نامە و پەیوەندی ڕاستەوخۆ و، یانیش لە ڕێگەی کردنەوەی لایڤ.

4. ئامرازێکی گرنگی دروستکردنی ڕای گشتییە لەسەر ڕووداوە جیاوازەکانی کۆمەڵگا.

# بەشی دووەم

## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

5. (قوتابی و خوێندکاران) لەڕێگەی درووستکردنی گرووپەوە، دەتوانن زانیاری گرنگی زانستی و، کۆمەڵێک کاروباری دیکەی پەیوەست بە خوێندنیان لەگەڵ یەکتر ئاڵۆگۆڕ بکەن.

6. لە ڕێگەی بەشداریکردن لە لاپەڕەکانەوە (page) بەکارهێنەر دەتوانێ سود لە هەواڵ و زانیارییە بڵاوکراوە جیاوازەکان ببینێت.

7. هۆکارێکە بۆ دۆزینەوەی دەرفەتی کارکردن و، هەروەها لە ڕێگای بەشداریکردن لە گرووپە (Group) و لاپەرە (page) جیاوازەکان، بەکارهێنەران دەتوانن فێری زمان و پیشەی جیاواز بن.

8. سود لێوەرگرتنی وەک ئامرازێکی گرنگی ڕێکلامکردن لەلایەن کۆمپانیاکان.

# بەشی دووەم

# ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

**زیانەکانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.**

1. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان سەرچاوەیەکی زانستی و باوەڕپێکراوی هەواڵ و زانیارییەکان نین.
2. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وەک چۆن دەتوانن کەسە دوورەکانت لێ نزیک بکاتەوە و لەگەڵیان لە پەیوەندی دابیت، پێچەوانەکەشی ڕاستە؛ ڕەنگە زۆرجار هۆکارێکبێ بۆ دوورکەوتنەوە لە کەسانی نزیک و دەورووبەریان.
3. زۆرجار بەهۆی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە؛ بەکارهێنەر دووچاری کۆمەڵێک گرفتی تەندرووستی و دەروونی وەک: کەمخەوی، دڵەڕاوکێ و هەڵچوون و... هتد، دەبێت.

# بەشی دووەم

## ئامرازەکانی پەیوەندیی جەماوەری

4. ئالوودەبوون بە بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، زیانێکی دیکەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە کە بەهۆیەوە بەکارهێنەران لە ئەنجامدانی کۆمەڵێک ئەرکی گرنگی ڕۆژانەیان دوادەکەون، دوورکەوتنەوە لە خوێندن لەلایەن قوتابیان و هەروەها پشتگوێخستنی مامەڵەی هاوڵاتیان لە لایەن فەرمانبەران وەک نموونە.

5. دزەپێکردنی زانیارییە کەسییەکان، زۆرجار لە ڕێگەی (Hack) هاککبوونەوە، بەکارهێنەر دووچاری کۆمەڵێک گرفتی کۆمەڵایەتی دەبێت.

6. هۆکارێکن بۆ لێک هەڵوەشانەوەی خێزان و جیابوونەوەی هاوسەران، بەتایبەت لە کاتی بوونی خیانەتی هاوسەری.

7. لەبەرئەوەی هیچ سانسۆرێکی فەرمی دەوڵەتیان بەسەرەوە نییە، بۆیە زۆرجار هۆکارێکن بۆ ناوزڕاندنی خەڵک و سوکایەتیپێکردنی بەها و پێوەرە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا.

**هەشتەم: ڕایگشتی** (Public Opinion).

ڕایگشتی، چەمکێکە لە دوو وشە پێکدێت؛ (ڕا Opinion) بە مانای بیروڕا یاخود مەیل و ئارەزوو دێت، وشەی (گشتی Public) یش مانای گشتگیری و هاوبەشبوونی نێوان ژمارەیەکی زۆری خەڵک دەگەیەنێت، هەردوو وشە (ڕایگشتی) مانای بۆچوونێک یاخود بیروڕایەک دەگەیەنێ کە لە نێوان ژمارەیەکی زۆری خەڵک پشتیوانی لێبکرێ.

وەک پێناسەش، ڕایگشتی (Public Opinion) بۆچوونی بە کۆمەڵی تاکەکانی کۆمەڵگایە سەبارەت بە بابەتێک کە کاریگەریی خستبێتە سەر ژیانیان. بیرمەند و فەیلەسوفی بەریتانی جۆن ستیوارت میل (John Stuart Mill) دەڵێ؛ ڕایگشتی کۆی ئەو شتانەیە کە کۆمەڵگا دەیەوێت یاخود نایەوێ.

بۆ درووستبوونی ڕایگشتیش، پێویستە چەند ڕەگەزێک بوونیان هەبێ، گرنگترینیان بریتین لە مانەی خوارەوە:

1. **کۆمەڵێک خەڵک**: واتە ئەو خەڵکەی بڕیاریانداوە هەڵوێستیان سەبارەت بە بابەتێکی دیاریکراو ڕابگەیەنن.
2. **بابەت**: مەبەست لێی ڕووداو، یان پرس یاخود گرفتێکە بۆتە مایەی سەرنجڕاکێشانی کۆمەڵێک خەڵک تا بیروڕایان لەبارەیەوە دەربڕن.
3. **گفتووگۆ**: واتە بوونی گفتوگۆ لەسەر ئەو بابەتەی کە بڕیارە ڕایگشتی لەسەر پێکبهێنرێت، هیچ بابەتێک نابێتە ڕایگشتی خەڵک گەر لە سەرەتادا لەنێو خەڵکەکە مشومڕ و گفتوگۆی لەسەر نەکرابێ.
4. **ئامراز**: مەبەست لێی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە، تاوەکو لە ڕێگەیەوە گوزاشت لە دەربڕینی بۆچوونەکانیان بکرێت.
5. **کات**: مەبەست لێی ئەو کاتەیە کە ڕای گشتییەکەی تیادا دەردەبڕدرێ.

## نۆیەم: ڕیکلام (Advertising)

وشەی ڕیکلامی کوردی لە (Rec’lam) ی زمانی فەرەنسی وەرگیراوە و مانای ئاگاداری بازرگانی دەگەیەنێت، وەک پێناسەش؛ کۆمەڵێک ئامرازی بەکارهاتووە، بە ئامانجی ناساندنی پرۆژەیەکی پیشەسازی، یان بازرگانی، یاخود پیاهەڵدانە بە بەرهەمهێنراوێک.

ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی ڕیکلامەوە بانگەشە بۆ کەلوپەلە بازرگانییەکان دەکەن، بە ئامانجی پرفرۆشکردنی کەلوپەلەکە و هاندانی بەکاربەر بۆ کڕینی، ڕاگەیاندن لەڕێگەی ڕیکلامکردنەوە دەتوانێ سەرچاوەیەکی دارایی سەربەخۆ بۆ دامەزراوەکەی فەرهەم بکات و پشت بەخۆی ببەستی، بەڵام ئەوەی کە گرنگە ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە کاتی ڕیکلامکردندا لەبەرچاوی بگرن، بریتییە لە پابەندبوون بە بەها گشتییەکانی ڕیکلامکردن، گرنگترینیان بریتین لە مانەی خوارەوە:

1. گرنگیدان بە لایەنی ڕاستگۆیی پەیامە ڕێکلام بۆکراوەکە، واتە لە پەیامەکەدا دەبێ کاڵاکە بە جۆرێک بانگەشەی بۆ بکرێت کە هەڵگری هەمان ئەو خاسیەت و تایبەتمەندییە باشانە بێ کە لە ڕێکلامەکەدا ئاماژەی بۆ کراوە.

2. پێویستە ناوەڕۆکی پەیامەکە کۆکبێ لەگەڵ پێوەر و بەها کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگا، واتە نابێ هەڵگری پەیامی سێکسی بێت و سوکایەتی بەئافرەت بکا و جوێن وقسەی نەشیاوی تێدا بەکاربێت.

3. نابێ پەیامی ڕێکلام بانگەشە بۆ ئەو جۆرە کەلوپەل و خواردنانە بکات کە زیان بە تەندرووستی خەڵک دەگەیەنن، وەک؛ جگەرە یان دەرمانی ماوە بەسەرچوو و ماددەی هۆشبەر... هتد.

جگە لەوانەی باسکران، ڕێکلام چەند ئەرکێکیش لەخۆدەگرێت، گرنگترینیان بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. **ئەرکی ئابووری:** مەبەست لە ئەرکی ئابووریی ڕێکلام؛ بەبازارکردنی کاڵا و شتوومەکە بازرگانییەکانە، لەبەرامبەریشدا؛ دەسکەوتنی داهاتە بۆ خودی کۆمپانیا بازرگانییەکان و ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندنیش کە ڕێکلامەکە بەرهەمدێنن و بڵاوی دەکەنەوە.
2. **ئەرکی فێرکاری و کۆمەڵایەتی:** ڕێکلام هاوکار و هەماهەنگی جەماوەر دەبێت بۆ گەیشتن بە باشترین جۆری کاڵا و شتوومەکەکان، ناونیشانی ئەو بازارانە بە خەڵکی ئانا دەکات کە باشترین جۆری کاڵا تیادا دەفرۆشێت، بەم هۆیەوە؛ خەڵکی پارێزراو دەبن لە کرینی کاڵا و شتوومەکی بێ کەلک و زیانبەخش، هەروەها لەڕووی کاتیشەوە؛ جەماوەر سوودمەند دەبێت لەڕێکڵامەکان تاوەکو لە کەمترین ماوە زۆرترین کاڵا و شتوومەکی دەستکەوێت.

3. **ئەرکی خۆشی:** ئەمە ئەرکێکی لاوەکییە و، مەرج نییە لە هەموو ڕێکلامێکدا پیادە بکرێ، لەو کاتانەی کە کۆمپانیاکان مەبەستیانە لەڕێگای ڕێکلامەوە بچیتە نێو خەڵک و سەرنجی زۆرترین جەماوەر بۆ لای کاڵاکانیان ڕابکێشن، لەو کاتانەدا پەنا دەبەنە بەر دنیایی کۆمیدیاوە و، لەڕێگەی ئەکتەر و شارەزایانی بوارەکە؛ پەیامەکانیان لەگەڵ بەسەرهاتێکی کۆمیدی هاوپێچ دەکەن و، بەمەش؛ لەلایەکەوە، سەرنجی جەماوەرێکی زۆر بۆ لای کاڵاکانیان ڕادەکێشن و، لەلایەکی دیکەشەوە؛ کاتێکی خۆش و خەندە ئامێز بۆ جەماوەرەکەیان دەڕەخسێنن.

## دەیەم: پروپاگەندە (Propaganda)

پرۆسەیەکی (سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری) مەبەستدارە، لەپێناو ڕازیکردنی کەسێک، یاخود چەند کەسێک دەخرێتەڕوو، بۆئەوەی بیروڕایەکی تایبەت، یاخود کاڵایەکی دیاریکراویان لە لادا پەسەند بکات.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان بێ، بنچینەی ئەم چەمکە دەگەڕێتەوە بۆ (پاپا ئۆربانی هەشتەم)، کاتێک کە ئەنجومەنی بانگەشە دادەمەزرێنێت بۆ بڵاوکردنەوەی ئایینی کاثۆلۆکی و ڕووبەڕووبوونەوەی پرۆتستانتییەکان. پروپاگەندە تاکلایەنانە لێکدانەوە بۆ بابەتەکان دەکات و، هەمیشە لایەنی باشەی بابەتەکان ئاماژە پێدەدات،

بەشی دووەم

بۆیە (لیۆنارد دۆب) پێیوایە؛ هەوڵیکی نازانستی و گومانلێکراوە، لە ئەنجامدا کاریگەری دەخاتە سەر ئاستی تێگەیشتنی خەڵک، بەڵام لەکۆمەڵگا پێشکەوتووەکان، واتە ئەو کۆمەڵگایانەی ئاستی ڕۆشنبیری تاکەکانی تیادا بەرزە، لەو کۆمەڵگایانە کاریگەریی پرۆپاگەندە سنوردارە و کۆسپی دێتەرێ، لەڕووی چەندێتی و جۆرەوە، پرۆپاگەندە سێ جۆر لەخۆدەگرێ، بریتین لەمانەی خوارەوە:

1. **پرۆپاگەندەی سپی** (**White Propaganda**): سەرچاوەی زانیارییەکانی ئەم جۆرە پرۆپاگەندەیە دیار و ئاشکرایە، جەخت دەکاتە سەر پێدانی زانیاری درووست، هەوڵدەدەت لە ڕێگەی (عەقڵ)ەوە کاربکاتە سەر وەرگرانی.

2. **پرۆپاگەندەی ڕەش** (**Black Propaganda**): ئەم جۆرە پرۆپاگەندەیە پێچەوانەی پرۆپاگەندەی سپییە، سەرچاوەکەی نادیارە، هەوڵدەدات لە ڕێگەی سۆز (عاطفة)ی خەڵکەوە کاریگەریی درووست بکات.

3. **پروپاگەندەی خۆڵەمێشی (Grey Propaganda)**: لەم جۆڕە پڕوپاگەندەیە بەشێک لە زانیارییەکان دەشاردرێنەوە، وەرگر وادەزانێ کۆی زانیارییەکان ڕاستن، بەڵام لە ڕاستیدا بەشێکی زانیارییەکان درووستن، سەرچاوەی زانیارییەکانی دیارن، بەڵام ئاڕاستەکەی شاراوەیە.

## یەکەم: تیۆری دەسەڵات (Authoritarian Theory)

ئەم تیۆرە لە کۆتاییەکانی سەدەی شازدەهەم سەریهەڵداوە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە کە ئەم تیۆرە بە تەنیا لە سەدەی شازدەدا جێبەجێکرابێ، بەڵکو لە سەدەکانی دواتر و؛ تەنانەت لە رۆژگاری ئەمرۆکەشدا لەلایەن بەشێک لە وڵاتانی جیهان پەیڕەودەکرێ، بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە لە چەند خاڵێکدا بخەینەڕوو:

1. ڕاگەیاندن لەبەرئەوەی لەلایەن دەسەڵاتەوە دەرفەتی کارکردنی پێدەبەخشرێ، بۆیە دەبێ پابەندی پشتیوانیکردن لە دەسەڵات بێت و، دەسەڵات بۆ پارێزگاریکردن لە مانەوەی خۆی؛ ئازادە چۆن بەکاریبێنێ.
2. زانینی ڕاستییەکان (زانیارییەکان) مافی گشتی نین، بەڵکو تایبەتن بەو نوخبەیەی کە فەرمانڕەوان و دەسەڵات بەڕێوەدەبەن.

3. دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵکردنی راگەیاندن، ئازادە بەشیوازێکی وورد چاودێری ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بکات و، دادگاش بۆ سزادانی ئەو کەسانە بەکاربێنێت کە دژی دەسەڵات پەیامەکانیان دەگەیەنن (بڵاودەکەنەوە).

## دووەم: تیۆری ئازادی – لیبڕالی (Liberal Theory)

ئەم تیۆرە پێچەوانەی تیۆری دەسەڵاتە، بەگوێرەی تیۆرەکە؛ ڕاگەیاندن نەک هەر نابێ بە دەمڕاستی حکومەت و دەسەڵات، بەڵکو دەبێتە چاودێر بەسەریدا و، لە هەندێک کاتیشدا بەجۆرێک ڕەخنەکانی ئاڕاستەی حکومەت دەکات، تا دەگات بە قۆناغی داواکاری بۆ دەست لە کارکێشانەوە و متمانە لێوەرگرتنی، بۆیەش دەکرێ بگوترێ دەستەواژەی (دەسەڵاتی چوارەمی ڕاگەیاندن) لەم تیۆرەوە سەرچاوەی گرتووە.

بەگوێرەی ئەم تیۆرە مرۆڤ ئازادە لە دەربڕینی بیروڕاکانی، بۆیە دەبینین ئەم تیۆرە پێچەوانەی تیۆری دەسەڵاتە کە داوایدەکرد؛ یەک جۆر بیرکردنەوە (بیرکردنەوەی دەسەڵات) لە کۆمەڵگادا بوونی هەبێت و ڕاگەیاندن جەماوەری پێ ئاراستە بکات..

لەبەرامبەر ئەمەدا؛ جۆن میلتۆن (J. Melton) دەڵێت؛ مرۆڤ ناتوانێت لە هەموو بابەتێک تێبگات، ئەگەر بە تەنیا پشت بە یەک جۆر بیرکردنەوە ببەستێ، بۆیە دەبێ گرنگی بەو بۆچوونانەش بدات کە تەنانەت جیاواز و پێچەوانەی بۆچوونەکانی خۆشی دەخرێنەروو.

بەگشتی بەپێی ناوەڕۆکی ئەم تیۆرە؛ ئامرازەکانی ڕاگەیاندن ئازادن لە دەربڕینی بیروڕاکان و، بەرەنگاربوونەوەی کەموکوڕی و گەندەڵی، هەروەها ئەم تیۆرە نەک پشتیوانی لە مانەوەی دەسەڵات ناکات، بەڵکو دژی دەسەڵاتی خۆسەپێنە و، داوای سیستەمی بەڕێوابردنی دیموکرات و پەرلەمانیش دەکات.